سلێمانی میوانداری کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران کرد

ئەمڕۆ شەممە، شاری سلێمانی میوانداری کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران کرد و لە ڕاگەیەندراوێکی کورتی نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق هاتووە: "لەسەر فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان مەحەممەد شیاع سودانی لیژنەی ئەمنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژی شەممە زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان لە سلێمانی ئەنجامدا بە سەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی قاسم ئەلعەرەجی و بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بافڵ تاڵەبانی و ئەندامانی لیژنەکە و بەرپرسانی حکومەت و سەرکردەی سەربازی و ئەمنییەکانی ناوەند و هەرێم".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: "بەستنی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بەردەوام بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران دێت".